**هەڵبژاردنەکانی شارەوانی هۆڵەندا:**



**گۆران ڕەشید، کاندیدی حیزبی سۆشیالیست لە دیمانەیەکدا.**

ئامادەکردنی: نادر عبدالحمید

25-2-2010

**پرسیار: سەرەتا بە پێویستی دەزانین ڕونکردنەوەیەک بدەن لەسەر ئەم هەڵبژاردنە؟**

**گۆران ڕەشید :** هەلبژاردنی شارەوانیەکان لە هۆلەندا لە رۆژی 3ی مارتی 2010 دەکرێت، کە هەرچوارسال جارێک هەلبژاردن دەکرێت لە هەموو شارەوانیەکانی هۆلەندا کە ژمارەیان بە پێ ی دوائامار کە لە 10-1-2010 کراوە 431 شار و شارۆچکەیە. تا ئەو جێگەی بە شاری زۆتەرمیر دەگەرێتەوە، زیاترلە 11 پارت و گروپ وکەسایەتی سیاسی بەشدارن لە هەلبژاردەنەکان وە دەکرێت پارتیک یان گروپێک لە شارێک بەشداربێ بەڵام لە شارەکانی تر نەبێ. بەلام ئەوپارتانەی کە دیارن لە هۆلندا وە لە پەرلەمانیش هەن ئەمانەن:

[ 1- پارتی سۆشیالیست (SP) 2-پارتی کرێکار -3پارتی هاولاتی ئازادی وديموكراتی 4-پارتی کریستیان دیموکرات5-پارتی دەی 66- 6- پارتی چەپی سەوز 7-لیستی هیلبراند ناڤاين 8-پارتی مەسیحی 9-پارتی ژیانی زۆتەرمیر 10-گروپی سۆشیال 11-گروپی چالاکی زۆتەرمی.]

**پرسیار: جێگەوڕێگەی تا ئێستای ئەم حیزبانە، بەتایبەت حیزبی سۆشیالیست (SP)، لە ئەنجومەنی شارەوانیەکاندا چۆنە؟**

**گۆران ڕەشید :** گەرچی حیزبە سیاسیەکان سەراسەرین و هەر حیزبێک بگریت لە زوربەی شارەکاندا بونی هەیە بەڵام لە هۆڵەندا هەندێک شار حیزبە ڕاسترەوەکان هێز و نفوزیان تێدایە و بەشاری سەرمایەدارەکان و لیبرالەکان دەناسرێن وەک شاری فاسنار. بۆ حیزبە چەپەکانیش شاری رۆتردام و شاری ئەمستردام زۆر چارەنوس سازن. شاری رۆتردام بە شاری چەپەکان دەناسرێ وە ژمارەی دانیشتوانی زۆر زیاترە تاشارەکانی تر.

لە هەلبژاردنی 4 سالی پێشوو پارتی سۆشیالیست لە زۆربەی شارەوانیەکاندا پێشڕەویەکی بەرفراوانی کرد. ژمارەی کورسیەکانی لە شارەوانیەکان بەڕێژەی 100% زیادی کرد، کە لە 170 کورسیەوە بووبە 340 . وە لە پارلەمانیشدا سێهەم پارت دەرچوو، کە لە کۆی 150 کورسی پەرلەمانی هۆڵەندا، لە ژوری دووی پارلەمان 25 کورسی بەدەست هێنا.

**پرسیار: جێگەوڕێگەی سیاسی حیزبی سۆشیالیست لە گۆمەڵگەی هۆڵەندا و لەسەراسەری ئەو وڵاتەدا چۆنە؟**

**گۆران ڕەشید :** پارتی سۆشیالیستی هۆلەندی لەرۆژی 22 ئۆکتۆبەری 1972 دامەزراوە. ئەم پارتە سەرەتا لە زۆر گروپ ودەستەو ڕەوتی جیاجیای کۆمۆنیست پێکهاتبو. هەروەکو ئەوکات لە جیهاندا ولەکوردستانیش باوبوو وەکو پارتە چەپوو کۆمۆنیستەکانی تری ئەوروپا کە ئیرۆکۆمۆنیزم، پرۆ سۆڤێتی، ترۆتسکی، یان پۆپۆلیستی وکۆمۆنیزمی ڕۆشنفکرانو ئیکۆکۆمۆنیزم بون، ولەناویاندا ئەم پارتە لەفەلەکی کۆمۆنیزمی ماوی چینی دەخولایەوە بەرگریکەری ئەو خەتە بو. لەدوای دامەزراندنی ئەم پارتە، لەڕوی تیۆریەوە پارتێکی سەرتاسەری هۆلەندا بوو بەلام لە ڕوی پراکتیکەوە هەتا 10ساڵێك وەکو فیدراسیۆنێک کاری دەکرد و هەرشارێك بۆ خۆی بریاری دەدا و سەنترالیزمی زۆر پێوە دیارنەبوو. ئەوکات پارتی سۆشیالیست ئەو هەوالانەی کەبەدەستی دەگەیشت لەسەر هەلومەرجی سیاسی و ئابوری وولاتی چین و سۆفیەت (بلۆکی ڕۆژهەڵات یان کۆمۆنیزمی ئەو دەورەیە بەگشتی) جێی ڕەخنەگرتن و قبوڵ نەکردن بوو، بۆیە هەرئەوکات ئەم پارتە چوە ناو پرۆسەیەکی بەخۆداچونەوە و وردەوردە کاریدەکرد تا لەژێر هەژمونی سیاسی کۆمۆنیزمی ماوی ڕۆژهەڵات دەرچێتو بەرەو پارتێکی سۆسیالیستی لۆکاڵی هەنگاوبنێت کەلەگەڵ تايبەتمەنديە سیاسی و

ئابوریەکانی هۆڵندا یەکانگیربێتەوە. لەماوەی ئەو10ساڵەدا پارتی سۆشیالیست تێدەکۆشا کە زۆرتر کراوە بێ و زۆرترین خەڵکی هۆلندا بێنە ڕیزەکانیانەوە، ئەویش بەتایبەت لە یەکەم کۆنفرانس کە لە دوای 10 ساڵ کارکرنی ئەم پارتە و لە دواساڵەکانی 1977دا کە زۆرێک لەپارتە کۆمۆنستو ڕێکخراوە چەپە ڕادیکاڵەکان کە چ لەناو خەلکی و چ لەپەرلەمان متمانە و کورسییەکانیان لەدەست دەدا. پارتی سۆشیالیست ئەوکات ئارایشتێکی نوێی دایەوە بەخۆی وخەباتی بێوچانی دەکرد لەپێناو باشکردنی شوێنی ژیان، شوێنی کار، بیمەی تەندروستی، بیمەی بێکاری وکۆمەلایەتیی، یەکسانی نێوان هاووڵاتیان، باشترکردن و خزمەتی زیاتر بە کەم ئەندامان و بەساڵاچوان دیفاع کردن لەهەقدەست و کاری کرێکاران لەبەرامبەر خاوەن کار(سەرمایەداران) . هەروەها کردنەوەی شوێنێکی بچوکی چارەسەرکردنی نەخۆشانی کەمدەرامەت، کەتەنها لەلایەن پزیشکێك وبرێکی کەم دەرمان بەڕێوەدەبرا. ئەم کارە سەرباری ئەوەی کە پارتی سۆسیالیستی زۆرتر و ئاسانتر لەکێشە وگرفتە ڕۆژانەیی وهەنوکەییەکانی خەڵک ئاگادار دەکردەوە، یەکێکی تربوو لەو جۆرە چالاکیانەی کەپارتی سۆشیالیستی زۆرتر بەخەڵکەوە گرێدە دا وەبەم شێوەکارکردنە ودەیان چالاکی تر کەدەکرێت لەکاتێکی ترباسیان لێبکەم.

**پرسیار: بابزانین تایبەتمەندیەتی حیزبی سۆشیالیست، لە چاو حیزبەکانی تر لەچیدایە؟ وە چ شتێک بۆتە هۆی ئەوە کە بەڕێزتان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا کار بکەن و خۆتان کاندید بکەن لەم هەڵبژاردنەدا؟**

**گۆران ڕەشید :** دیارە تایبەتمەندیەتی پارتی سۆشیالیست زۆرن من لێرەدە تەنها باس لە چەند هەڵوستێکی ئەم پارتە دەکەم: یەکەم لایەنگری بۆ پەنابەران لە وەرگرتنی مافی پەنابەرییەتی، نیشتەجێ بوون، کاردۆزینەوە وە ئینتگرە بون و پێکەوە ژیانی هاوبەش دوور لەهەمووهەلاوردنێک، بۆنمونە (لەچەند سالی رابردوو کێشە کاروەرگرتن هەبوو کە دیاربوو زۆر کێشە دەهاتە ریگەی پەناهەندە وەتا ئەوکەسانەی کەکێشەی پەناهەندەیشیان نەبوو خاوەن کار زیاتر کاری بە هۆڵندی دەدا کەئەم کارە لەژێر زۆرهێنانی پارتە راست رەوەکان وە بۆزانیاری ئەوکات پارتی سۆشیال دیموکرات لە دەستەلات بوو، وە لە هۆلەندا بۆکاردۆزینەوە سەرەتا پێوستیت بەوەیە کە نامە بنێری بۆجێگەی خاوەن کار وە دەبێ زانیاری دەربارەی خۆت تەواو بنوسیت وەک ناوت، لەکوێوە هاتوی وە چیت خوێندوە بەم شێوەیە. بەلام خاوەن کار هەربە بینینی ناوی داواکەر یەکسەر بریاری خۆی دەدا. وە پارتەکان بەپارتی سۆشیال دیموکرات وە پارتی سەوزی کە خۆیان بە چەپتر دەزانن پێشنیاریان ئەوە بوو کە هەرکەس داوای کارکردن دەکات لە جیاتی ناونوسینی کەسی داواکەر ژمارە دابنرێ تا بەوشێوەیە خاوەن کار نەتوانی هۆلەندی و غیرە هۆلەندی لەیەکتری جیبیابکاتەوە. بەلام پارتی سۆشیالیست پێی وابوو کە ئینسانەکەن دەبێ شانازی بکەن بەخۆیان وبەناویان وە شانازی بکەن بەوەی کەلەهەرکوێیەکی ئەم زەمینەوە هاتوون. وە پێی وابووکە بە ژمارەش دابنرێ خۆدواتر داواکەری کار لەگەل خاوەن کار دادەنیشێ وە دەزانێ کە هۆلەندییە یان نا. کە واتە کێشەکە تەنها ناوگۆرین و ژمارەدانان نییە، وەپێی وابوو دەبێ بەر بەراست ڕەوی بگرین بەوە چارەسەر دەکرێ.

هەروەها بەشداری کردن لە دەیان رێپیوان لەگەل پەنابەران و دانشتنیان لەگەل پەرلەمان و زۆرهێنان بۆیان تاقبووڵ کردنی بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانە لە سالی 2002 بریارێکی گشتی کە هەرکەس لە مانگی 4- 2001 لەهۆلەندایە دەبێ مافی پەنابەرییتی پێبدرێ. وە لە کارەساتە گەورەکەی "کەمپی سخیپول" کە لەبەر باری خراپی کەمپەکە و بە لەبەرچاونەگرتنی سەلامەتی ئەوکەسانەی تیابوون بەهۆی ئاگرکەتنەوە خەلکێکی بێتاوان لەدەست چوون. بەلام ئەم کارە زۆر جێگە نارەزاییتی پارتی سۆشیالیست بوو وەپێی وابوو کە دەولەت بەرپرسی سەرەکییە وئەمەش بوە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری داد.

وە دیارە نموونە زۆرن سەبارەت هەلوێستی پارتی سۆشیالیست لەسەر مەسەلەی فلستین و وەستانەوە بەرامبەر دەستدرێژیەکانی ئسرائیل، هەروەها "کێشەی کورد" لە تورکیا و بەرەسمی نامەناردنە سەر سەفارەتی دەرەوەی تورکیا.

هەڵوێستی پارتی سۆشیالیست بەرامبەر کێشەی قەیرانی ئابووری جیهانی بەوجۆرەیە کە پێی وایە نابێ تەقەشووف بکرێ لەخوێندنگاکان و نەخۆشخانەکان. وە ئەم پارتە پێی وایە کە لەجیاتی کۆمەگی کردنی بانکەکان لەم قەیرانە ئابوریەدا دەبێ کۆمەگی بە ئینسانەکان بکرێ بۆ ڕزگارکردنیان لە بێکاری. هەروەها لە ئێستاشدا پارتی کریستیان سۆشیال دیموکرات و پارتە راست ڕەوەکان دەیانەوێت تەمەنی خانەنشێنی لە 65 ساڵیەوە بکەن بە 67 بەڵام پارتی سۆشیالیست دژی ئەم هەنگاوەی حیزبە ڕاست ڕەوەکانە و لەچەند هەفتەی رابردوودا لەگەل سەندیکا کرێکارییکان ڕێپێوانێکی گەورەیان کرد لە شاری ڕۆتردام دژی ئەم هەنگاوە.

جگە لەمانە یەکێک لە تایبەتمەندیە هەرە درەخشانەکانی حیزبی سۆشیالیست، وەستانە لەسەر بنکەیەکی جەماوەری کرێکاری. بە پێی ئامارێک کە من ئێستا لە بەردەستم دایە کە جێگە و ریگەی پارتی سۆشیالیست نیشان دەدات کە چۆن روو لەسەرە لە ناو سەندیکا کرێکارییەکان بە نمونە سەندیکای (ف.ن.ف)کە نزیک بە یەک ملیۆن نیو کرێکار ئەندامییەتی، نفوزی حیزبە سیاسیەکان لەناو ئەم سەندیکایە بەم شێوەیە: پارتی کریستیان 8%، پارتی هاوڵاتی ئازاد دیموکرات 10%کە پارتێکی لیبرالە، پارتی پارتی ئازادی 12%، پارتی کرێکار 26%، وە پارتی سۆشیالیست 32% ئەندامیان هەیە. ئەمانەی سەرەوە کە باسم کردن، مشتێکن لە خەراوی ئەو تایبەتمەندیە بەهێزانەی کە وای کردوە من وەک ئەندامێک لەناو ئەو حیزبەدا خۆم ببینمەوە و خۆشم کاندید بکەم بۆ پۆستی ئەنجومەنی شارەکەمان لەسەر لیستی حیزب.

**پرسیار: بەگشتی ئەوخاڵەتەوەرەیی وسەرەکیانەی بەرنامەی پارتی سۆشیالیست بۆ ئەم هەلبژاردنە بۆشارەوانی زۆتەرمییر چییە؟**

**گۆران ڕەشید :** بەرنامەی پارتی سۆشیالیست بەکورتی ئەمانان:

کرێی خانوی گونجاو: لەچەند ساڵی ڕابردودا هاووڵاتیان دەگەڕان بەدوای خانوی گەورە و خۆشو جێگەی باشدا، بەڵام خراپی باری ئابوری وهاتنەخوارەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵك وای کردوە تەنها گرنگ هەرزانی کرێ خانو بێت، بۆیە ئێمە کار بۆ کەمکردنەوە و جێگیر کردنی کرێی گونجاو دەکەین. وە کارێکیتری (SP) خۆشگزەرانی، جێگەی پشودان، و ژینگەیەکی خاوێنە کەئەمانە مەرجە سەرەتاییەکانی ژیانی ئینسانە .ڕێکخستنی کارگە، خانوبەرە وپارکەکان بەشێوەیەک کە لەخزمەتی ئینسانەکاندا بێت و وە ژینگەی خاوێن وئاسایشی ئینسانەکان ڕەچاو بکرێت.

کاردەکات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی تائینسانەکان لەئەرک ومافەکانیاندا یەکسان بن، کاردەکات بۆ درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت وبێکار وئەوانەی توانای کارکردنیان نیە. هەروەها دەمانەوێت شارەوانی زوتەرمیر هاوپشتی وهاوکاری ئەو ئینسانانە بکات و بەها ئینسانیەکانی تێدا پارێزراو بێت. هەروەها باشترکردن وزیادکردنی هۆکانی هاتوچۆ و گەیاندن وکەمکردنەوەی نرخەکانیان، وە باشتر کردنی ڕێگاکانی پاسکیل کەئەمە بۆ خۆی کار ئاسانیەکی باشترە بۆ دەستڕاگەیشتن بەشوێنی کاروژیان، هەروەها کەمکردنەوەی جەنجاڵی هاتوچۆی ناو شارەکان.

**پرسیار: لەم ساڵانەی دوایدا لە هۆلەندا راسیزم وجموجۆلی ئسلامی سیاسی پەرەسەندنێکی بەخۆیەوە بینیوە، هەڵوێستی پارتی سۆشیالیست لەم نێوەدا چییە؟**

**گۆران ڕەشید :** ڕاستی من پێش ئەوەی باسێک لە هەلوێستی حیزبەکەم بکەم، پێویستە ئەوە ڕون بکەمەوە کە لە هۆلەندا دووجۆر تێروانین هەیە، جگە لە تێروانینی پارتی سۆشیالیست واتا دەتوانیت بلێی سێ تێروانینی گشتی و سەرەکی لەهۆڵەندا هەیە. تێروانینێک کەباڵی ڕاست وپارتەکەی خیرەت ڤیلدەرهەیانە هەرچ کێشەیەک لەهۆلەندا هەیە لە ئەستۆی هاوڵاتیانی دەرەکی دەزانن و بەم پێیەش فشار هێنان بۆ سەر هاوڵاتیانێک کە بنەچەی دەرەکیان هەیە بە کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی دەزانن. بۆ نمونە کاتێک باس لە کێشەی خانەنشێنی دەکرێت چارەسەر لایان تەنها گێرانەوەی موسلمانەکانە بۆوڵاتی خۆیان و بەربگیرێت بە هاتنی کرێکاری موهاجیر. یان کاتێک باس لە قەیرانی ئابوری و بێکاری دەکرێت هەرهەمان چارەسەرت پێدەڵێن وەقەبارەیەکی زۆرگەورەتری پێدەدەن لەوەی کە هەیە تا ڕاددەی ترساندن و تۆقاندنی خەلکی هۆلەندی بەرامبەر خەلکانێکی موهاجیر و پەنابەر کە لە وڵاتانێکی بەناو ئیسلامیوە هاتوون وەک (تورکیا، مغرب) کە ئەو دو وڵاتە زیاتر لەبەر چاوترن لە هۆڵەندا. دیارە کە وڵات و حکومەتی ئسلامی زۆرن کە دەستە و تاقمی توندرەوی ئاینی و ترۆریستیان تیایە، بەڵام بەبروای من ئەوە بەومانایە نیە کە خەلکەکەشی هەموی بە "ئیسلامی سیاسی" و ترۆریست لەقەڵەم بدەی وەک ئەوەی کە حیزبە ڕاستڕەوەکان وانیشانی دەدەن.

ڕوانگەی دوەمیش ئەوەیە کە هەندێک پارتی ترهەن کە دەیانەوێت مزگەوت ومەلاکان بەکاربێنن وەک وەسیلەیەک بۆ نزیک بونەوە وتێگەیشتنی ئەوخەڵکانە کە لەوڵاتانی ئسلامییەوە هاتوون وەزۆر جار هەڵدەستن بە خوێندنەوەی قورئان تا لە وکەسانە تێبگەن کە چۆن بیردەکەنەوە ومیان لە ڕێگەی برەودان بەچالاکی قوتابخانە ئسلامیەکان وە زۆر چالاکی تر لە پەرەپێدانی بانگەشەی ئاینی (ئیسلامی) کە ڕێگە پێدراوە.

بەڵام لەڕونگەی پارتی سۆشیالیستەوە هەردوو ئەو ڕوانگانەی سەروە هەڵەن. چ ئەوەی کە خەڵک زراوبردوو بکەی لە ئیسلام و قەبارەیەکی زۆرگەورەتی پێ بدەی بەوجۆرە کە لە هەندێک رۆژنامەکان و وەپارتەکەی "خیرەتڤیلدە" دا نیشان دەدرێت. کە دیارە ئەمە ڕەگەزپەرستیەتێکی ئاشکرا و بێ پەردەیە و ئاگاهانە کاری لەسەر دەکرێ و بەکار

دەهێنرێت بۆ مەبەستێکی سیاسی ڕاسترەوانە. وە چ ئەوش کە سازش بەو ئەندازەیە بکەیت کە ببێتە بانگەشەی پەرەپێدانی چالاکی ئاینی میانەرەو، وە دڵی "خارجیەکان"ی ناو هۆڵەندا لەم ڕێگەیەوە ڕابگریت کە بەدەوری ئاینێکی میانەڕەوا ڕایان بگریت تا نەچن بەلای گروپە توند ڕەوەکانی ئاینیدا! بەم شێوەیە سیاسەتی پەرەپێدانی "ئاینی میانە ڕەو" لەبەرامبەر "ئاینی توند ڕەو" دا دەگرنە بەر.

پارتی سۆشیالیست کێشەی بنەرەتی لە دروست کردنی جیاوازی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دەبینێ لە وڵاتی هۆڵەندا؛ هەر لە خوێندن کە قوتابخانەی یەک ڕەگەزی هەیە تائەوەی کە بەهەمان شێوە دانیشتوانی زۆرێک لەشارەکان دابەشکراون بە پێی ڕەگەز، کە ئەمانەش دەبنە پەرەسەندن و بەهێزکردنی هەست کردن بە دورەپەرێزی و گۆشەگیری و تێکەڵاونەبوون بەکۆمەڵگە. کێشەکە لەوە نیە هەر بەشێک لەدانیشتوانی هۆڵەندا چ بڕوایەکیان هەیە، چ جۆرە خودایەک دەپەرستن، و چ کەسێک بە پێغەمبەری خۆیان دەزانن، چونکە ئەو مرۆڤانە لە وڵاتێکدا دەژین دین لە دەوڵەت جیایە، سکۆلارە هەرکەس دینی خۆی بۆخۆی، ئینسان ئازادە و دەوڵەت هیچ پەیوەندیەکی بە مەزهەب و ئاینی کەسەوە نیە. بەڵکو کێشەی بنەرەتی ئەوەیە کە پێشوەخت بەسەر ڕەگەز و ئاین و خاریجی و هۆڵەندی دابەشکراون.

وە لەو نێوەدا فاکتۆری سەرەکی لە خوڵقاندنی ئەم بارودۆخەدا؛ بێکاری، دەست کورتی و هەژاریە بەتایبەت لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی ئابوری کە حیزب و گروپە ڕاسترەوەکان وێنەیەکی وادەخەنە بەرچاو گەلی هۆڵەندی کە هۆکاری بێکاری، هەژاری، گرانی، دەستنەکەوتنی خانوبەرە و ...هتد، هەر هەمووی خەتاکەی "خارجیەکان"ن و لێرەوە برەو بە شەڕی "هۆڵەندی" و "خاریجی" دەدەن. "خاریجیەکان"یش ناچار گۆشەگیردەبن و بەدوای ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی خۆیاندا دەگەڕێن، کە ئەمەش جارێکی تر بە دەوری خۆی ئاگرەکە باوەشێن دەکات و بەم شێوەیە ناسنامەی ئینسانی بون ون دەکرێت، تا سیستمێکی ئابوری کۆمەڵایەتی چەوسێنەر کە سەرمایەدریە و هۆکاری واقعی تەواوی نەهامەتی و مەینەتیەکانی کرێکاران و بەشەریەتە لەو نێوەدا پارێزراو بێت و بە دەست لێنەدراوی بمێنێتەوە لەم قەیرانەدا.

**پرسیار: فرانس ئارات ئەو کەسەی کە چەکی کیمیایی بەرژێمی (سەدام حسێن) فرۆشت بوو لەهۆلەندا بەرلەچەند ساڵێک دادگایی کرا و لەسەر ئەو کارەی سزای چەند ساڵێک زیندانی بەسەرا سەپا .ڕۆڵی پارتی سۆشیالیست لەم نێوەدا چی بووە؟**

**گۆران ڕەشید:** لەدوای بەدواداچوونی پارتی سۆشیالیست بۆ کێسی فرۆشتنی مەوادی کیمیاوی کە حکومەتی عێراق بۆچەکی کیمیاوی بەکاری دەهێنا وە لە زۆرێک لە جێگاکانی کوردستان بەکارهاتوون. وەبەپێی ئامارێک کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (یوئێن) دەری کردوە 45% ئەومەوادانە بازرگانەکانی هۆلەندا فرۆشتویانە بە حکومەتی عێراقی (بازرگانەکان دەیان زانی عێراق وەک چەکی کیماوی بەکاریدێنێ بەدژی خەلکەکەی خۆی). وە لەڕاستیدا ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی بیست کاتێ حکومەتی هۆلەندی دەیزانی ئەومەوادانە چەکی کیمیاوی پێدروست دەکرێ وە بەکاریش هێنراوە لە باکوور وە باشوری عێراق بۆیە هەر ئەوکاتە حکومەتی هۆلەندی قەدەغەی هەندێ مەوادی کرد کە نابێ بفرۆشرێ .

وەبۆ ئەم بەدواچونەوە بە سوپاسەوە بۆ ئەندام پەرلەمانی پارتی سۆشیالیست (کریستا فیلزین) کە داوای لە وەزارەتی داد (هیرش بەلن) کرد بووکە لەڕوی یاسایەوە بەدواداچوون بکرێت لەو بازرگانانە کە مەوادی کیمیاویان فرۆشتوە بە حکومەتی عێراق. کەدیارە یەکێک لەوانە فرانس ئارات بوو. ئەمەش بەرەسمی خرایە بەردەم دادگای هۆلەندی، وەپارتی سۆشیالیست پێی وایە کە فرانس ئارات تەنها کەس نیە و بەدواچوونی ئەو کێسە هەربردەوامە.

وەپارتی سۆشیالیست داوای لە حکومەتی هۆلەندی کرد کە ساڵانە بڕی 100.000 یۆرۆ تەرخان بکات بۆقەرەبووکردنەوەی خەلکی هەلەبجە کە بەکار ببرێت بۆ ڕێگە و بان، بۆ پاکژکاری ئاوی شارەکە بەلام حکومەتی هۆلەندی قبولی نەکرد.

**پرسیار: سەرکەوتنی گۆران ڕەشید لەم هەڵبژاردنەدا چ مانایەک دەگەیێنێت بۆ کۆرو کۆمەڵی کوردی لە هۆلەندا بەتایبەتی وە بۆ "مەسەلەی کورد" بە گشتی؟**

**گۆران ڕەشید:** پرسیارەکە دولایەنە؛ لایەک ئەوەی کە بەشێک لە کوردستانیان وەک پەنابەر هاتونە ئەم وڵاتە، وەک پارتی سۆشیالیست دەڵێ (تازە هۆلەندی)ن (کە مەبەست هەر هاوڵاتیەکی هۆڵەندیە کە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی هۆڵەندا)، لەم لایەنەوە من لەڕێگەی حیزبی سۆشیالیستەوە کار دەکەم بۆ هەرچی زیاتری بەدەستهێنانی مافی پەنابەری و وەلاتانی هەر جۆرە هەڵاوردنێک و بەدەستهێنانی یەکسانی تەواوی ئەو "تازە هۆڵەندیانە" لەگەڵ تەواوی هاوڵاتیانی تری هۆڵەندی. کە دیارە ئەمەش ئەبێ لەڕێگەی کارکردنەوە بێت بۆ پێکەوە ژیانی هاوبەش، فێربونی زمان و

ئینتیگره بون لەکۆمەڵگەی هۆڵەندادا. وه من هەرئستا لە کارکردندام بۆ کێشەی ئەو پەنابەرانەی کە بڕیارە مافی پەنابەریان لێ وەربگیرێتەوە و دیپۆرت بکرێنەوە بۆ کوردستان و عێراق، بەبیانوی جۆراوجۆر لەوانە بەناو ئارامبونەوەی باری ئاسایشی عێراق و کوردستان.

بەڵام کەمپینێک کە من هیوادارم سەرکەوتوبم تێیدا ئەوەیە کە هەر ئێستا تەواوی رۆژنامە و پارتەسیاسییەکان سەرقالی وەڵام دانەوەی راپۆرتەکەی (دافیس)ن کە ئەویش مەسەلەی بەشداری حکومەتی هۆلەندی بوە لە ساڵی 2003 دا لەگەل وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە هەڵگیرساندنی شەرێکی ماڵ وێرانکەر کە ژێرخان و سەرخانی وڵاتی عێراقی لەبەریەک هەڵوەشاندۆتەوە و بۆتە دەربەدەربوونی زیاتر لەچەند میلۆن کەس تائێستا و یەکێک لەووڵاتانەی کە خەلکی عێراق رویان تێکردوە هۆلەندایە. جا پرسیار ئەمەیە کە دەربەدەربونی هەزاران گەنج بۆ دەرەوەی عێراق کێ لێی بەرپرسە؟

جا کەمپینێک کە من دەمەوێت کاری لەسەر بکەم ئەوەیە کە بە پشت بەستن بەهەمان ڕاپۆرتەکەی (دافیس) بریتیە لە وەی کە حکومەتی هۆڵەندا هەروەک چۆن بەرپرسی خۆی ڕاگەیاندوە بۆ بەشداری شەڕ ئاواش دەبێ بەرپرسی خۆی ڕابگەێنێت لەبەرامبەر ئاکامەکانی ئەو شەرەدا کە هەمومان دەزانین ئاوارە بون و دەربەدەر بونی خەڵکی کوردستان و عێراق ئاکامێکی ئەو جەنگە بوە لێرەوە هەروەک وتم بە پشت بەستن بەو ڕاپۆرتە کاردەکەم بۆ وەرگرتنی تەواوی ئەوپەنابەرە کورد و عێراقیانەیە کە ئێستا لە هۆلندا دەژین و ئیقامەیان وەرنەگرتوە و لەچاوەڕوانیدا ماونەتەوە، هەروەها کاری دەکەم بۆ تازەکردنەوەی ئیقامەکانی ئەوانەی کە ئیقامەیان وەرگرتوە. وە کاردەکەم بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەکەسانەی کە لەشەڕدا زەرەرمەند بوون. ئەمە و کاریش دەکەم ئەڵبەتە بە پشتیوانی حیزبەکەم حیزبی سۆشیالیست تا حکومەتی هۆڵەندی بەرەسمی داوای لێبوردن بکات لە خەلکی عێراق و ئەمەش خۆی واتا ناچار بونی ئەو وڵاتە بە قەرەبوکردنەوەی هاوڵاتیانی عێراق و کوردستان کە زەرەروزیانیان پێ کەوتوە. بۆیەهیوادارم هەم خەلکی پەنابەری عێراقی بە کورد و عەرەبەوە بێنەپشتی کەمپینەکە و دیفاعی جدی لێ بکەن وە من بەرەسمی داوا لەپارتەکەم دەکەم بۆ پشتگیری و هاوکاری لەم کەمپینە.

لایەنی دوەمەکە "مەسەلەی کورد"ە بەگشتی ئەڵبەتە ئەبێ بلێم کە کە ئەو ئاواتەشم هەیە خۆم کاندیت بکەم هەم بۆ کۆمیتەی ڕابەری پارتی سۆشیالیست لە کۆنگرەکانی ئایندەدا و هەم بۆ پەرلەمانی هۆڵەندا، کە لەو شوێنانەدایە نەک لە شارەوانیدا کە ئینسان دەتوانێ کاری گەورەتر و زیاتر بۆ "مەسەلی کورد" بکات. وە بگشتی لێرەدا پێ لەسەر ئەم خاڵانە دادەگرم وەک پرێنسیپێکی گشتی. مافی بڕیاردانی چارەنوس لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لەرێگەی ڕیفراندۆمێکەوە، کەخەڵکی کوردستان لەهەر پارچەیەکیدا بڕیاری ئازادانەی خۆیان بدەن کە ئایە جیا دەبنەوە و وڵاتی سەربەخۆی خۆیان پێک دەهێنن یان دەیانەوێت بە ئازادانە بە یەکسانی و ئازادیەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بژین. لایەنگری لە بەهرەمەند بونی تەواوی مافێکی سیاسی، کولتوری و زمانەوانی خەڵکی کوردستان و دژایەتی هەرجۆرە هەڵاواردنێکی نەتەوەیی و ئاینی خەڵکی کوردستان لە یاسا بنەرەتیەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دژایەتی هەرجۆرە لەشکرکەشی و هەڵمەتی سەربازی و دەست درێژی بۆ سەر کوردستان و تۆپ بارانکردنی ناوچە سەرسنوریەکان، ئەم پرینسیپە گشتیانەیە کە من هەم لەڕابەرایەتی ئەو حیزبەدا و هەم لە پەرلەمانی هۆڵەندا و ئەوروپادا دوڕۆژی تر خەباتیان بۆ دەکەم. لایەنگری لە بزوتنەوەیەکی دیاری کراو لە کوردستاندا لە پەیوەند بە مەسەلەی کوردەوە مەسەلەیەکە پەیوەست بە هەڵسەنگاندنێکی تایبەتیەوە لە هەر سەردەمێکی دیاری کراودا، بە تایبەتیش پەیوەستە بە هەڵوێستی ئەو بزوتنەوەیە بەرامبەر مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان لە ناوخۆی کوردستاندا، لە چەشنی ڕێزگرتن لە ئازادی تەواوی فکری و سیاسی و چاپەمەنی، ئازادی ڕێکخراوبون لە حیزبی سیاسی جۆراوجۆر و ڕێکخراوە پیشەییەکاندا، هەروەها هەڵوێستی ئەو بزوتنەوەیە بەرامبەر ڕەفاە و خۆش گوزەرانی ئابوری هاوڵاتیانی کوردستان.

***** ***** *****

پڕۆفایلی **گۆران ڕەشید:** لە سالی 1971 لە شاری سلێمانی لەدایک بووە خۆێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە، وە پەیمانگای مامۆستایشی لەسالی 1991 لەشاری هەولێر تەواو کردوە. لە ساڵی 1990 پەیوەندی گرتوە لەگەل "رەوتی کۆمۆنیست". لەسالی 1991 یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی "یەکێتی خوێندکارانی سەربەخۆ" لەگەڵ چەند خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین. لەبزوتنەوەی شوراکان لەسالی 1991 ئەندامی شورای سەرشەقام بووە. لەدوای ڕەوەکە بووە بەئەندامی "یەکێتی بێکاران" پاشان ئەندامی "یەکێتی کارگە ئەهلییەکان" وە ئەندامی حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق بووە لە ساڵی 1993 تا ساڵی 2008 کە لەو حیزبە هاتۆتە دەرەوە.

لەساڵی 1997 وە لە هۆلەندا دەژی .ئێستا مامۆستایە لە قوتابخانەیەکی ناوەندی لە زۆتەرمیر، 4 سالە ئەندامی پارتی سۆشیالستی هۆلەندایە. لەئاستی کوردستان و عێراقیشدا لەگەڵ پرۆژەی "رەوەندی سۆشیالستی کرێکاری " www.rewend.info کاردەکات. -تەواو-